# با دیپلۆماسی بدوێت

**(خاوکردنەوەی گرژییەکان لە هەناوی هاوکێشە ناوچەیی و کێشە ئاڵۆزەکاندا)**

**خانەی هزریی کوردستان**

لە ڕێکەوتی 2024/5/24 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ئەبووزەبی لەلایەن شێخ محەمەد بن زاید ئال نەهیان، سەرۆکی ئیماراتەوە، پێشوازیی لێ کرا. بەپێی ڕاگەیاندنە فەرمییەکان لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوو لا جەختیان لە برەودان بە پەیوەندییەکان لە بواری ئابووری و بازرگانی و هاریکاریی وزەدا کردەوە، هەروەها باسیان لە دەرفەت و بوارەکانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی ئیماراتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد.

ئەم سەردانە وەکوو ئاڵقەیەک لە زنجیرە هەوڵ و چالاکیی دیپلۆماسیی نێچیرڤان بارزانی، وێنایەکی گەورەترمان نیشان دەدات کە ئەویش دیپلۆماسیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە گۆڕینی "هەڕەشە" بۆ "دەرفەت" لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا. ئەمەیش دەتوانین بە **دیپلۆماسیی قەیران** پێناسە بکەین؛ بەو پێیەی کە لە ماوەی ڕابردوو بە هۆکاری جۆراوجۆری ناوخۆیی، عێراقی، هەرێمایەتی و تەنانەت نێودەوڵەتییەوە خوێندنەوە و ئاراستەکان بەرەو ئەوە بوون، کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و تەنانەت ئاسایشییەوە بەرەو لەقاڵبدان و سنووردارکردن و بچووکبوونەوەی دەسەڵاتەکانی دەچێت و تەنانەت بەشێک لە دۆستەکانی کوردیش بۆ نموونە "خاتوو جنین پلاسخارت" هۆشدارییان دەدا، کە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بەردەوام نابێت.

ڕەوتی ڕووداوەکانیش بەرەو ئەوە دەچوو کە شرۆڤەی شرۆڤەکاران دروست بێت و "هەرێمی کوردستان بەرەو پووکانەوە دەچێت یان وەکوو ئەوەی دەوترا دەسەڵاتەکانی وەکوو پارێزگایەکی عێراقی لێ بێت." پێشهاتە سیاسی و یاسایی و تەنانەت سەربازییەکانیش لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، سەلمێنەری دیدگە و شرۆڤە و پێشبینیی ئەو ئەرگیۆمێنتە بوون. بۆ نموونە، لە لایەک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا وای کردبوو کە سەرنجی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان چیتر لەسەر کێشە و گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمێنێت و هەموو توانا و وزەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیا تەرخان بکەن و هەرێمی کوردستانیش لە ئاستێکی وادایە توانا و هێزی نەبوو کە بتوانێت بەتەنیا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ببێتەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا لە ئاستی هەرێمایەتییشدا، ململانێی ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان وای کرد کە لێدانی سەربازی لە هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە ململانێ و ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە جیۆسیاسییەکان ببینرێت و، چەندان جار هێرشی مووشەکی و درۆنی کرایە سەر دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان و؛ ئەمەیش جگە لە لێکەوتەی سەربازی و ئاسایشی، لە ڕووی ئابوورییشەوە تێچوویەکی زۆری بۆ پرۆسەی گەشەپێدان و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، هەروەها ناوخۆیی هەبوو. جگە لەمانەیش ناکۆکییە ناوخۆیییەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن، لە نێوان هێزە سیاسییەکان گەیشتە لووتکە و پەنا بەرێتە بەر عێراق و دادگەی فیدراڵی بۆ یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکان. لە هەموویشی مەترسیدارتر، ئەوە

بوو کە هاوتەریب لەگەڵ ئەو ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییيانە، هەروەها گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییانە لە ناوچەکەدا، عێراق و وڵاتانی هەرێمی ئەمەیان بە دەرفەت زانی و گوشارەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان بەرز کردەوە و دادگەی فیدراڵی بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و پاشان بڕیاری "دادگەی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە پاریس" بەتەواوی پرۆسەی ئابووریی سەربەخۆ و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی پەک خست و لەم ڕێگەیشەوە، جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی کارمەندانی، جگە لە بەغدا هیچ ئاسۆیەکی لەبەردەمدا نەمایەوە و؛ ئەمەیش خۆی سەرەتای زنجیرە کێشە و ململانێیەکی نوێ بوو لە نێوان هەولێر و بەغدا. سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چەندان جووڵە و پەیوەندیی سیاسی، ئەم قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کردە دەرفەتێک بۆ هەستانەوەی هەرێمی کوردستان.

**یەکەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق**

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەموو ڕوانگە و لێکدانەوەکان بۆ ئەوە دەچوو کە بەهۆی گوشارەکانی بەغداوە چیتر دەرفەتی هەستانەوە لە بەردەم هەرێمدا نەماوە یاخود ئاسۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لێڵ و نادیارە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی پاش ئەوەی بە ڕێگەی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، هەم ئەرکی یاسایی و سیاسیی خۆی جێبەجێ کرد و هەمیش پابەندبوونی خۆی بە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بۆ وەرگرتنی ڕەوایەتیی جەماوەریی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، نیشان دا؛ هاوتەریب لەگەڵ ئەمەیش لە گفتگۆی بەردەوامدا بوو لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان بۆ ئەوەی کۆسپ و بەربەستەکان نەهێڵێت و لایەنە سیاسییەکان بەبێ تێبینییەکی ئەوتۆ بچنە هەڵبژاردنەوە.

لە پاڵ ئەمانەیشدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێگەی نەدا کە لە پاش بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی لە دژی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، چ لەبارەی یاسای نەوت و گازەوە و چ سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو پرسانە ئاسایشی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان لە لایەک و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لە لایەکی دیکەوە بپچڕێنێت.

لە لایەکی دیکەیشەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە وتەکانیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە "بەهێزیی هەرێمی کوردستان، بەهێزیی عێراق"ە. لەم ڕێگەیشەوە ئەو پەیامە دەداتە لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە هەوڵەکانی لاوازکردنی کوردستان بوەستێنن، چونکە ڕژێمەکانی پێشوو، دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانیان تاقی کردەوە. هەر بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەی بەئاشکرا بە عێراقییەکانی ڕاگەیاند کە عێراق هەرگیز ناتوانێت سەقامگیر و بەهێز بێت، ئەگەر دژایەتیی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکات.

ئەم ڕوانگەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەیەکی نیو-لیبرالیستییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ بەم واتایەی کە ئەم ڕوانگەیە، بەهێزی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەم پێیەیش هێنانەدیی ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە کاری هاوبەش و پێکەوەییدا دەبینێت. بۆ ئەم مەبەستەیش نێچیرڤان بارزانی لەم ماوەیەدا هۆشداریی دایە لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە لە "دەسەڵاتی یەکپێکهاتەیی" دوور بکەونەوە، چونکە پێ دەچێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوردی و دروستی درکی بە ئاراستەی نوێی بەشێک لە هێزە

سیاسییەکانی عێراق کردبێت کە بەرەو ئەو مۆدێلە لە حوکمڕانی هەنگاو دەنێن و، ئەمەیش سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ داهاتووی ئاشتی و ئاسایش لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. هەر بۆیە ڕای گەیاند: ئەگەر دەتانەوێ عێراق سەقامگیر بێت، ئەوە کلیلی سەقامگیریی عێراق چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستانە؛ هەروەها نەخشەڕێی چارەسەری ئەم کێشانەیش بەڕوونی لە دەستووردا هاتووە.



ڕۆژی دووشەممە 2024/4/22 ، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە هەولێر.

بە شێوەیەکی گشتی، بە پێداچوونەوە بە هەوڵ و دیدار و چالاکییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، هەست دەکرێت ڕەوتی لاوازکردن و تێکچوونی سەقامگیریی ئاسایشی و، هەروەها پووکانەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو جووڵە دیپلۆماسییانەی سەرۆکی هەرێم، وەستێندرا و، ڕەوتی پێچەوانەکەی دەستی پێ کردووە؛ هەرچەندە تاوەکوو مەترسییەکان بەتەواوی نەڕەویوەتەوە، بەڵام هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوامن.

تەنانەت لە پاش مووشەکبارانکردنی هەولێر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، نێچیرڤان بارزانی بەردەوام پێداگریی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هیچ پاساوێک بۆ ئەم کردەوەیە نییە و حکوومەتی فیدراڵی بە بەرپرسیار دەزانی کە ڕووبەڕووی ئەم هەوڵانە ببێتەوە کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج و لە لایەکی دیکەیشەوە، لەگەڵ عێراق لەسەر هێڵ بوو کە هێرشی میلیشیاکان بوەستێنرێت و حکوومەتی فیدراڵی بەرپرسیار بکات بەرامبەر ئەم هێرشانە بۆ سەر هەولێر و دامەزراوە مەدەنی و سەربازییەکانی و، تەنانەت تێکچوونی سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی بە تێکچوونی ئاسایشی عێراق پێناسە دەکرد و داوای ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی فیدراڵی دەکرد.


نێچیرڤان بارزانی چ لەسەر ئاستی کوردستانی و چ لەسەر ئاستی عێراقی و چ ئاستی هەرێمایەتی، هەوڵی دا

جارێکی دیکە متمانە دروست بکاتەوە و ئەو متمانەیەیش بکاتە بنەمای پەیوەندییەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. لەم چوارچێوەیەدا بوو کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەستی بە ڕۆیشتن بۆ بەغدا و دانیشتن و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی بەغدا بەبێ جیاوازی کرد. لە کاتی سەردانەکان و بڵاوبوونەوەی لە میدیاکان و، هەروەها لە ڕاگەیەندراوە فەرمییەکاندا دەردەکەوت کە لایەنە سیاسی و کەسایەتییە سیاسییەکان، هەروەها بەرپرسانی باڵای بەغدا چاوەڕێی ئەم دانیشتن و چاوپێکەوتنانە بوونە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

هەر لەم سەردانانەدا نێچیرڤان بارزانی بەردەوام پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور وەکوو چوارچێوەیەک بۆ نەهێشتنی کێشەکان و پابەندبوون بە دەستووری عێراق و لە سەرووی هەموویشیانەوە فیدراڵی کردۆتەوە. ئەمەیش نیشان دەدات کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدروستی دەستی خستۆتە سەر کێشەکانی ئێستای عێراق، کە دوورکەوتنەوەیە لە فیدراڵییەت و دەستووری عێراق.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باش درکی بەوە کردووە کە بەشێک لەم کێشانەی ئێستای نێوان هەرێم و بەغدا، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەو لایەنانەی کە بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە یاخود سیاسەت و ویستیان، گەڕانەوەی عێراقە بۆ دەوڵەتێکی ناوەندی و لە لایەکی دیکەیشەوە، هەوڵەکانیان بۆ سنووردارکردنی هەرێمی کوردستان هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرس و کێشەکانی عێراق بەگشتی، هەروەها ناکۆکییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئەو ڕوانگەیەی خستە ڕوو، کە ئەو ناسەقامگیری و نائارامی و ململانێیانە پەیوەندییان بە دوو بواری پێکەوەگرێدراوەوە هەیە، کە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە پشگوێ خراون و جێبەجێ نەکراون: جێبەجێنەکردنی سیستەمی فیدراڵی و، پابەندنەبوون بە دەستووری عێراقەوە. هەروەها نەخشەڕێی چارەسەرییەکانی بۆ پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراقی، گەڕاندەوە بۆ ڕۆحی دەستوور، کە عێراقی نوێی لەسەر بنیات نراوە و، وەکوو چارەسەرێکی ڕیشەیی خستە ڕوو و، بنەماکانی **"هاوبەشی، سازان و هاوسەنگی"**یشی بۆ ناوەڕۆکی دەستوور گەڕاندەوە.



ڕۆژی شەممە 2024/4/27 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع ئەلسوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ کۆ بووەوە

وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و واقعبینی لە سیاسەتدا لەم دوو ساڵەی دواییدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەنگێکی زۆری خستۆتە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا؛ هەر لە ئامادەبوونی بگرە لە کۆبوونەوەکانی ئیدارەی دەوڵەت تا دەگاتە سەردانە بەردەوامەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا. بۆ ئەمەیش ڕەچاوی دابەشبوونی جەمسەر و جیاوازییەکانی هێزی کردووە لە بەغدا؛ بە جۆریک لە پەیوەندییەکانیدا فۆکەسی خستۆتە سەر دوو ئاست: ئاستی دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت، وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی، پەرلەمان و دەزگەی دادوەری کە لە گشت سەردانەکانی بۆ بەغدا دانیشتنی تایبەتی هەیە لەگەڵیان. لە ئاستی دووەمیش ئاستی کەسایەتییە سیاسییەکانی کە لە عێراقدا کلیلی کردنەوەی دەرگە سیاسییەکانن. بۆیە نێچیرڤان بارزانی بەهۆشیارییەوە ئێستا جۆرێك لە پەیوەندیی لەگەڵ جەمسەرە سیاسییەکانی بەغدا دروست کردووە، هەر لە مالیکی و خەزعەلی و هادی عامری و فەیاز و حەکیمەوە بگرە تا دەگاتە سەرۆکی دەزگەی دادوەری و خەمیس خەنجەر و ... لە بەغدا. بەڵام وەک سیاسەتی واقعی لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی دەرگەیەکی نوێ بەسەر پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بکاتەوە. هەر لە ڕێککەوتنی نوێ لەسەر پرسی هەڵبژاردن و گەڕاندنەوەی بەشێک لە کورسیی کۆتاکان و ڕێککەوتنی نوێ لەسەر پرسی بوودجە و بنەجێکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، گشتیان بەرهەمی ئەو سیاسەتەی نێچیرڤان بارزانین بۆ کرانەوە بەسەر بەغدا. ئەمە وای کردووە ئەو بەستەڵەکە سیاسی و بێمتمانەیییەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەبوو، تا ئاستێکی باش بتوێتەوە. هەڵبەتە ئەم سیاسەتەی نێچیرڤان بارزانی دواجار کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر چارەسەربوونی بەشێک لە کێشەکانی نێوان "یەکێتی" و "پارتی"ش. بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش هاوکار بن بۆ فۆرمەڵەبوونی فۆرمێکی نوێ لە

ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، کە ئێستا تا ئاستێکی باش ئەو زەمینەسازییە دروست بووە.

**دووەم: لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی**

پاش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دۆخی ناوچەکە زیاتر ئاڵۆز بوو و پێکدادانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان هاتە ئاراوە؛ بەم پێیەیش هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی، هەروەها پێگە سیاسی و ئاسایشی و تەنانەت ئابوورییەکەیەوە، بەناڕاستەوخۆ بووە بەشێک لەم جەنگە لە نێوان ئەمریکا و ئێران لە لایەک و ئیسرائیل و ئێران و پرۆکسییەکانی لە لایەکی دیکەوە. هەر بۆیە گوشارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ هێرشەکان بۆ سەر ئەمریکییەکان لە ناوچەکە بەرز بووەوە. بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیی هاوسەنگییەکی ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی هەرێمی و ئەکتەرە سەرووهەرێمایەتییەکان بپارێزێت.

لەم چوارچێوەیەدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵی دا بە سڕینەوەی بارگرژییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم جەنگە بەنوێنەرایەتییە دروست بکات و ئاسایشی خۆی بە سیستەمە هەرێماتییەکەوە گرێ بدات. بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە خوێندنەوەی هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها تێگەیشتن لە هاوکێشەکە نوێیەکان، هەوڵی دا کە هەرێمی کوردستان نەبێتە بەشێک لە بەرەکان و هەمیش وەکوو ناوچەیەک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان جەمسەرەکان بمێنێتەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە جووڵەی دیپلۆماسیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، بەم شێوەیە بوو:

١- بە ئارامکردنەوەی دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ سازانی لایەنە کوردستانییەکان، سەقامگیرییەکی ڕێژەییی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە.

٢- بە هێورکردنەوەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، چووە بەغدا و هەوڵی کردنەوەی دەرگە و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدای، کردە ئەولەوییەتی سەرەکیی خۆی. لەم ڕێگەیەوە تیشکی خستە سەر ئەو سیاسەت و ئامرازانەی کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان دەدرا، وەکوو دادگەی فیدراڵی و هێرشی میلیشیاکان و سیاسەتی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە لۆژیکی زۆرینە و کەمینە ـ نەک فیدراڵی ـ لە دژی هەرێمی کوردستان و بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە **نابێ ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان تێکەڵ بە کێشە سیاسییەکان بکرێت**، هەم گفتوگۆی لەسەر مووچەی کارمەندان و بوودجە و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ حکوومەت خستە ئەجێندای کارەکانییەوە و هەمیش جارێکی دیکە هەنگاو بە هەنگاو پێگەی هەرێمی کوردستانی لە هاوکێشەکانی عێراق بەهێز کردەوە و پاشان ئەم بەهێزییە و باشبوونی پەیوەندییەی، گواستەوە بۆ کردنەوەی دەرگەی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی وەکوو تورکیا و ئێران.

٣- لە هەنگاوی سێیەمدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە ئێران و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا هاوسەنگ کردەوە، چونکە تورکیاش پێی وابوو کە دەتوانێت تەنیا لەگەڵ بەغدا مامەڵە بکات و، هەروەها پەیوەندیی فرەڕەهەند و بەهێزی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نیگەران کردبوو. ئەم سیاسەتەی نێچیرڤان بارزانی، مەترسییەکانی ئێرانی لەسەر هەرێم تا ڕاددەیەکی باش کەم کردەوە و تەنانەت بەهۆی نفووزی ئێران لە هاوکێشەکانی عێراق، ئەو دەوڵەتەی کردە بەشێک لە هاوکێشەکانی نێوان

بەغدا و هەولێر بە قازانجی هەرێمی کوردستان و تەنانەت بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. لەم ڕێگەیشەوە هەرێمی کوردستان توانیی هاوسەنگییەکی ئەرێنی لە نێوان ئەکتەرە هەرێمایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات، چونکە بە شێوەیەکی سروشتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە؛ چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و بەتایبەتی لە پرسی وزەدا و؛ هەر بۆیە پاش ماوەیەکی کەم سەردانی ئیماراتی کرد وەکوو یاریکەرێکی کاریگەر لە هاوکێشەکانی ناوچەکە.

٤- پێش ئەم هەنگاوانە و تەنانەت هاوتەریب لەگەڵ ئەم ستراتیژییەتە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بۆنە و ڕووداوە دیپلۆماسییەکان لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ئەکتەرە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکان و لە سەرووی هەموویشیانەوە لە ڕووی سەربازی و ئاسایشییەوە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ بریتانیا و ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت نێردە و نوێنەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بەپێی ئەم ستراتیژییەتە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم پەیوەندییانەی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە بەهێز ببێتەوە، ئاسایش و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانی بە ئاسایش و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و تەنانەت ئاسایشی ئەو دەوڵەتانە ببەستێتەوە.



ڕۆژی دووشەممە 2024/5/6 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە تاران لەگەڵ بەڕێز ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامنەیی، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کۆ بووەوە

**کۆبەند**

هەڵبەتە بەشێک لە دەرەنجام و لێکەوتەکانی جووڵەی دیپلۆماسیی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێستا بەڕوونی لە هەر چوار ئاستدا دیارە لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بەشەکەی تریان لە ئاییندەدا لێکەوتەکانی باشتر دەردەکەون.

**لە ئاستی ناوخۆدا:** نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەمیشە پەناگەیەک بووە بۆ ساردکردنەوەی گرژییەکان و زەمینەسازکردن بۆ گفتوگۆ؛ ئەمە لە ئاستی کێشەکانی یەکێتی و پارتی و لایەنەکەنی تریش بەئاسانی دەرکی پێ دەکرێت. ڕەنگە بەشێک لەو کاراکتەرانەی لەناو کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکاندا بەشدارن، ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن.

**لە ئاستی عێراقدا:** پشتیوانی بۆ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان زیادی کرد. پشتیوانی لە ماف و بوودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ئێستا لە بەغدا بەهێزترە؛ دیالۆگێکی بنیاتنەر لە نێوان هەولێر و بەغدا دەستی پێ کردووە. خەریکە لەسەر فرۆشتنی نەوتیش هەرێم و بەغدا دەگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن.

لە ئاستی هەرێمیدا: سیاسەتی هاوسەنگی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ تورکیا و ئێران وای کردووە ئەم دەوڵەتە کێشە و مەترسیی ئەمنی و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکات. جۆرێک لە متمانە گەڕاوەتەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و تاران. لەگەڵ وڵاتانی کەنداویش دەرگەیەکی پەیوەندیی دۆستانە کراوەتەوە کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا کاریگەریی زۆر لەسەر ئابووری و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا دروست دەکات.

**لە ئاستی نێودەوڵەتیدا:** سەرۆکی هەرێم پردێکی متمانەی باشی لەگەڵ ئەمریکا دروست کردووە، بەتایبەت وەک پارێزەری سەقامگیری لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا سەیری دەکرێت؛ بە جۆرێک کە لەوانەیە هەندێک جار سەرۆکی هەرێم دەسپێشخەرییشی کردبێت بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا، تا ئەو ئاستەی دوور نییە هەندێک جار نێچیرڤان بارزانی پردی پەیوەندییش بێت لە نێوان دراوسێکانی عێراقدا. شایەنی باسە کە وڵاتانی وەک ئەمریکا و هاوپەیمانان چاوەڕوانییان لە نێچیرڤان بارزانی هەیە کە بتوانێت ڕۆڵێکی چالاک بگێڕێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. لە ئاستی چین و ڕووسیاش سەرۆکی هەرێم بە جۆرێک پەیوەندییەکانی پاراستووە، کە جێگەی متمانەی ئەو وڵاتانەیش بێت. ئەمەیش بێ گومان زیرەکی و دیپلۆماسییەتێکی زۆری گەرەکە، کە لە ئاییندەدا پێ دەچێت لە پێگە و وێستگەی سیاسیی دیکەدا زیاتر ڕوون ببێتەوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم لینکانە بکە:**

https://presidency.gov.krd

https://presidency.gov.krd

https://presidency.gov.krd